سەرچاوەیەکی نوێنەرایەتی هەکاری ئەنجامنەدانی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان ئاشکرا دەکات



ئەمڕۆ یەکشەممە، سەرچاوەیەکی نوێنەرایەتی هەکاری ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئاشکرا کرد، کە بەیاربوو پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ بەڕێوەبچێت.

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بە "موتەبع"ی ڕاگەیاند: ”ئەمڕۆ دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام نەدرا، چونکە هەندێک لایەن بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد و نەچوونە ناو هۆڵەکە“.

ئاماژەی بەوەشکردووە، "هەندێک لە لایەنە سیاسیەکان بایکۆتی دانیشتنەکەیان کردووە، چونکە یاسای حەشدی شەعبی لە کارنامەی دانیشتنەکە نەبووە بە دەنگدان لەسەری ".